لە نێو دڵم … ئاری ژێندینی

لە نێو دڵم ناڕوات یادگاریەکان
ڕۆگام دووڕە
کات زۆر بێ باکانە خۆڕا دەڕوات
تەمەن بە یەك قەڵەم خەتی سپی لەسەر سنگم دەنەخشێنێ
تەمەن بە دوو خودکار ئاگری سپی بەرداوەتە تاڵی سەرم
پێتان دەڵێم
دۆنیابن
لە دڵمدا ناڕوات یادگاریەکان
هیچ خامەیەك ناتوانێ دڵی سورم کاڵ بکاتەوە
بەفری سپی هیچ وڵاتێك ناتوانێ دڵی گەرمم ساردبکاتەوە
دوێنێ دایکم لە خەو بینی
ئەمڕۆش کوردستان
بەیانیش نیشتمان
شەو لەگەڵ پیتی (س) دەدوام
دڵم گەلەیی لە پیتی (ژ) دەکرد
پیتی (ژ) بە چاو مانی گووتی:
من بێ ژانی کورد لە دایك بووم
بێ ئەو ژانە سەرقاڵکراوە
دۆنیابن,
لە دڵمدا ناڕوات یادگاریەکان
ڕۆژگارێك دێت بەیەکەوە بەخەندەوە
یادگاریەکان بێ نەوەکان دەڵێنەوە !